


# کتێبی: شیعری دوای ڕاپەڕین و چەند سەرنجێک

سەدیق سەعید ڕواندزی
(ڕواندز)

بێ گومان ڕاپەڕین، وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ بوو لە ژیانی ئێمەدا کە تێیدا کۆتایی بەو ستەمە سیاسی و نەتەوەییە هێنا کە ساڵانێکی زۆربوو ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، بەرانبەر بە کورد پەیڕەویان دەکرد، بۆیە کە باسی دوای ڕاپەڕین دەکەین، ئەوە بەر قۆناغێکی جیاواز لە هەموو ڕوویەکەوە دەکەوین، کە دابڕانێکی مێژوویی و فەرهەنگی و ژیارییە لە قۆناغەکانی پێشووتر، دوای ڕاپەڕین، هەر تەنیا ڕەهەندێکی مێژوویی و سیاسی نییە، بەڵکو کولتووری و فەرهەنگیشی هەیە، بۆیە دەکرێ بپرسین کامانەن ئەو سیما ئەدەبی و کولتوورییانەی دوای ڕاپەڕین کە کۆمەڵگەی کوردی پێ دەناسرێتەوە؟ ئەدەبی دوای ڕاپەڕین، بە هەموو ژانرەکانییەوە، لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە، بە چی لە ئەدەبی قۆناغەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە. بۆ نموونە: کە باسی ڕوانگە دەکەین، دەزانین مەبەست لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردووە، کە باسی سیمبۆلگەرایی و قۆناغی تەلیعییەکان دەکەین، ئەوە دیارە کە مەبەستمان شیعری سەرەتای هەشتاکانە، بەڵام کە باسی ئەدەب، یان شیعری دوای ڕاپەڕین دەکەین، ئەوە تا ڕادەیەک ئێمە لە بەردەم ناسینەوەی قۆناغ و چەمکێکی ئاڵۆزداین، ئەمە وێڕای ئەوەی کە دەبێ هەموو ئەو سیما هونەرییانە دیاری بکەین کە ئەو قۆناغەی پێ دەناسرێتەوە، بۆیە یەکێک لەو گرفتانەی لە ناسینەوە و ڕاڤەکردنی ئەو قۆناغەدا ڕووبەڕووی دەبینەوە ئەوەیە کە مەبەستمان لە شیعرەکانی دوای ڕاپەڕین چییە؟ کام قۆناغ و مێژوومان مەبەستە؟ چونکە زەمەنی دوای ڕاپەڕین، لە سێ دەیە نزیک دەبێتەوە، واتە سی ساڵ، ئەگەر هەریەک لەو دەیانە، بخەینە نێو کۆنتێکسێکی مێژووییەوە، ئەوە ئێمە لە بەردەم سێ قۆناغی جیاوازداین. دەیەی یەکەم ساڵانی نێوان(١٩٩١-٢٠٠١) دەگرێتەوە، دەیەی دووەم دەکەوێتە نێوان ساڵانی(٢٠٠١-٢٠١١) دەیەی سێیەمیش، ساڵانی نێوان (٢٠١١ تا ٢٠١٩دەگرێتەوە).

کەواتە شیعری دوای ڕاپەڕین بە

تەنیا شوناسەکەی لە قۆناغێک و زەمەنێکی دیاریکراودا بەرجەستە نابێت، هاوکات لە هەریەک لەو قۆناغانەدا کۆمەڵێک شاعیر و دەقی شیعری دەرکەوتوون کە دەبێ لە ئاستی فۆرم و ناوەڕۆکدا، لە یەکتریان جیابکەینەوە، شیعری دوای ڕاپەڕین، دەستەواژەیەکی ئەدەبی گشتگیرە، واتە ئەو شیعرانەی دوای ڕاپەڕین نووسراون، کەواتە ئەو شیعرانە، دەقی ئەو شاعیرانەش دەگرێتەوە کە شاعیری بەر لە ڕاپەڕینن، بەڵام شیعری دوای ڕاپەڕینیان هەیە، هەرچی شاعیرانی دوای ڕاپەڕینە، ئەوە مەبەستەکە ڕوون و دیارە کە ئەو شاعیرانە دەگرێتەوە کە دەرکەوتە و بەرهەمی زەمەنی دوای ڕاپەڕینن، بۆیە گرنگە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە شیعری هەر قۆناغێکدا، پۆلێنێکی مێژوویی و زەمەنی بکەین، بۆ ئەوەی ببێتە دەروازەیەک بۆ ناسینەوەی ئەدگارە شیعرییەکانی ئەو قۆناغە.

کتێبی (شیعری دوای ڕاپەڕین) ناوونیشانی کتێبێکی (ئەحمەدی مەلا)یە و لە بارەی شیعری دوای ڕاپەڕینەوە نووسراوە، یەکێک لەو پرسیارانەی خوێنەر بەر لە خوێندنەوەی کتێبەکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەوەیە کە مەبەست کام شیعرەی دوای ڕاپەڕینە؟ چونکە وەک باسمان کرد، ڕاپەڕین خەریکە لە سێ دەیە نزیک دەبێتەوە، ئاخۆ لە ماوەی ئەو سێ دەیەیەدا، شیعری دوای ڕاپەڕین، هەموویان لە ڕووی ناوەڕۆک و گوتار و ئەزموونی شاعیرانەوە، هاوشێوە و وەک یەکترین؟ یان لە هەر قۆناغێک لەو قۆناغانەدا، ئێمە بەر شیعری جیاواز و دەقێکی تر دەکەوین؟ ئایا شیعری سەرەتای نەوەدەکانی دوای ڕاپەڕین کە قۆناغێکی خرۆشاوی سیاسییە و گوزارشت لە ئازادبوونی مرۆڤی کورد دەکات، وەک شیعری دەیەی سێیەمی قۆناغی ڕاپەڕینە کە تەکنۆلۆژیا هەموو جوانییەکانی کاڵ کردووەتەوە؟ بۆیە ناوونیشانی کتێبەکە، ناوونیشانێکی گشتگیرە، بەڵام دەلالەتێکی ڕوونی نییە، چونکە وەک لە سەرەتای ئەم وتارەوە ئاماژەمان پێ کرد، شیعری دوای ڕاپەڕین، واتا کۆی ئەو شیعرانە دەگرێتەوە کە لە دوای ڕاپەڕینەوە نووسراون، لە نێو شیعری دوای ڕاپەڕینیشدا، دەکرێ شیعری شاعیرانی دیکەش هەبن. هاوکات ئەگەر بە پێوەری بۆچوونەکانی نووسەر بێت کە لە کتێبەکەیدا خستوویەتییە ڕوو کە دەڵێت: (شیعر زەمەنی نییە)، ئەوە نەدەبوو ئەو کتێبە ئەمە ناوونیشانەکەی بووایە، چونکە شیعری دوای ڕاپەڕین، واتە زەمەنی دوای ڕاپەڕین، بێ گومان مەبەستمان لە زەمەنی مێژووییە نەک فیزیکی، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە، ناوەڕۆکی کتێبەکە، لە بارەی ئەزموونی حەفت شاعیری گەنجی دوای ڕاپەڕینە، کەواتە ئێمە لێرەدا لە بەردەم شیعری شاعیرانی دوای ڕاپەڕینین، نەک شیعری دوای ڕاپەڕین کە دوو دەستەواژەی جیان لە یەکتری و هەریەکەیان ئاماژەیەکی سەربەخۆ دەگەیەنێت، چونکە کتێبەکە، تەنیا خوێندنەوەیە بۆ ئەزموونی ئەو چەند شاعیرەی کە نەوەی دوای ڕاپەڕینن، بۆیە دەبوو ناوونیشانی کتێبەکە، بە بڕوای من بە جۆرێکی دیکە بووایە، وێرای ئەمەش، دەکرێ بپرسین ئایا دەتوانین هەموو شیعری دوای ڕاپەڕین لە ئەزموونی حەفت شاعیردا کۆبکەینەوە؟ کە هەندێکیان لە ڕووی زمانی شیعری و دنیابینی شیعریشەوە، ئەزموونێکی سادە و ساکاریان هەیە؟ ئایا ئەمە پێوەرێکی ئەدەبی گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی قۆناغێکی دیاریکراو کە ئەویش دوای ڕاپەڕینە؟ خوێنەر کاتێ ناوونیشانی کتێبەکە دەبینێت، بیری بۆ ئەوە دەچێت کە ناوەڕۆکەکەی لێکۆڵینەوە و دەرخستنی ئەدگارەکانی شیعری دوای ڕاپەڕینە لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆک و دنیابینی شاعیرانەوە، کەچی کاتێ کتێبەکە دەخوێنینەوە، دەبینین تەنیا لە بارەی ئەزموونی حەفت شاعیرەوە دواوە، بۆیە دەبوو سەرەتا نووسەری کتێبەکە، ئەزموونی شیعری دوای ڕاپەڕین ئاماژە پێ بدات و سیماکانی ئەو قۆناغە دیاری بکات، ئەوکات لە بارەی شیعری ئەو شاعیرانە دوابا، بۆ ئەوەی خوێنەری کتێبەکە بەرچاو ڕوونییەکی هەبێت کە چۆن شیعری دوای ڕاپەڕین لە قۆناغەکانی دیکە جیا بکەینەوە، یان کامەیە ئەو دابڕانە زمانی و بابەتی و مەعریفییەی شیعری دوای ڕاپەڕین، لە شیعری قۆناغەکانی تر جیا دەکاتەوە؟ بێ گومان وەک خوێنەرێک لەو کتێبەدا، بەر

هەندێک بۆچوونی ڕەها کەوتم کە بۆ من جێگەی پرسیار و گومان بوون لەوەی کە چۆن نووسەری کتێبەکە( کە نووسەر و شاعیرێکی دیارە) بۆچوونی لەو شێوەیە بێ هیچ ساغکردنەوەیەکی زانستی و شرۆڤەیەکی شیعرییانە لە هەموو ڕوویەکەوە دەردەبڕێت، بەراوردکردنی دوو قۆناغ، دوو ئەزموونی شیعری، لە پەراوێزی بۆچوونێکی ڕاگوزەر نابێت، بەڵکو دەبێ بە پێی میتودێکی بەراوردکاری، شیکاری دەق، ئەو جیاوازییانە دەربخەین، بەشێک لە بۆچوونەکانی ئەحمەدی مەلا لەو کتێبەدا، بۆ من وەک خوێنەرێک جێگەی لەسەر وەستان و سەرسوڕمان بوون کە چۆن ئەمە دەنووسێت! بۆ نموونە: لەلاپەڕە ٩٠دا نووسیویەتی: ( بانگەشەکردنی شەو وەک چارەسەرێک خەونی زۆربەی شاعیرانی کلاسیکە، بەڵام شاعیر غەمگین بۆڵی دێت بە زمانێکی نوێ باسی شەو دەکات، کاتێ دەڵێ: (نیوە شەوان بە شووشەی پەنجەرەی ژوورەکەمەوە دەنووسێت)، تا ئێستا لە مێژووی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا نەمبینیوە هیچ نووسەرێک بوێری ئەوەی هەبێت، زمانی شیعری شاعیرێکی گەنجی سادە نووسی دوای ڕاپەڕین، بە جیاوازتر لە زمانی شیعری کلاسیک بزانێت، بیرمەندی گەورەی کورد(مەسعوود محەمەد) دەڵێت: (هەر دێڕە شیعرێکی نالی ئەوە دەهێنێت چەندان ساڵ لێی بکۆڵیتەوە). شیعری کلاسیکی کوردی، نەک هەر بە شیعری دوای ڕاپەڕین پێوانە و بەراورد ناکرێت، بەڵکو کلاسیک لە مێژووی شیعری کوردیدا، قۆناغێکی دووبارە نەبووەوەیە، دەیان شاعیر دەتوانن لاسایی شێرکۆ بێکەس و پەشێو بکەنەوە، بەڵام کێ دەتوانێت وەک نالی و مەحوی بنووسێت؟ پاشان دەکرێ بپرسین، لەو دێڕە شیعرییەدا زمانی نوێ لە کوێدایە؟ مەگەر ئەو موفرەدانەی ئەو لەو دێڕە شیعرە و شیعرەکانی دیکەشیدا بەکاریان دێنێت، سەد ساڵ نییە بەشێکن لە زمان و شیعری کوردی؟ ئەم دێڕە چ داهێنان و جوانییەکی تێدایە کە وەک داهێنان و نوێگەرییەک لە زمانی شیعری شاعیرانی کلاسیک ببینین؟ لەو کۆمەڵە شیعرەی شاعیر کە ئەو وەک نموونەی ڕاڤەکردنی شیعری لە کتێبەکەی خۆی هێناویەتییەوە، نەک هەر زمانێکی نوێیان تێدا نییە، بەڵکو هەمان زمانی شاعیرانی دیکەیە کە (گۆران)ی شاعیر نیو سەدە زیاتر لەمەوبەر، زۆر هونەرییانەتر شیعری پێ نووسیوە، هەروەها نووسەر لە لاپەڕە٨٤دا نووسیویەتی: (یەکێک لە ڕەگەزەکانی شیعری دوای ڕاپەڕین سەرهەڵدانی منە، ئیتر دەق دەیەوێت گوزارشت لە ڕوحی تاک بکات، نەک ڕوحی میللەت کە لە شیعری شەست و حەفتاکان دەبینرێت). بێ گومان ڕوون و دیارە کە شیعری دوای ڕاپەڕین بە گشتی، ئەزموونێکی خودگەرایییە لەوەی بابەتی بێت، دیارە ئەمەش بۆ گۆڕانکاری لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆژی مرۆڤی کورد دەگەڕێتەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، منی دوای ڕاپەڕین لە چیدا جیاواز دەکەوێتەوە لە منی قۆناغەکانی دیکەی شیعری کوردی؟ هیچ نەبێت من لە قۆناغەکانی دیکەی شیعری کوردیدا، پەیامێک و گوتارێکی هەبووە، بەڵام کام پەیام لە گوتاری بەشێکی زۆری شاعیرە گەنجەکانی دوای ڕاپەڕین هەیە؟ ئێمە لێرەدا، نموونەیەک دێنینەوە، (گۆران)ی شاعیر نیو سەدە زیاتر لەمەوبەر دەڵێت:

**هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم**
**بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم..**

غەمگین بۆڵیش دەڵێت:

**بمخەنە ناو قۆدییەک..**
**سەرم لەسەر داخەن..**

ئەگەر بە وردی سەرنج لەو دوو کۆپلە شیعرییە بدەین (بە مانای بەراوردکردن نا)، ئایا هەست بەوە ناکەین کە منی گۆران، منێکی چەند داهێنەرتر و جیاوازترە لە منی دوای ڕاپەڕین؟ کە نووسەری کتێبەکە لای وایە ڕەگەزێکی نوێیە لە شیعر، ئایا لێرەدا گۆران بانگەشەی ڕوحی میللەت دەکات، یان وەک سایکۆلۆژیستێک دەیەوێت ئەو دیو خەیاڵەکانی بخوێنێتەوە؟پاشان نووسەر هەر خۆی لە کتێبەکەیدا بۆچوونەکانی خۆی ڕەت دەکاتەوە و دەکەوێتە پارادۆکسی واتاوە، چونکە لە لاپەڕە ٩٣ی کتێبەکەیدا، ئەم جارەیان دەنووسێت: (لە شیعری

غەمگین بۆلێدا کە (شیعری دوای ڕاپەڕینە) شتێک هەیە پێی دەڵێن واقیع و بانگەشە دەکات)، دەکرێ بپرسین ئەگەر شیعرێک وەک دروشم بانگەشەی واقیع بکات، ئەوجا هەر جۆرە واقیعێک بێت، شیعرێکی (خودی و من)یە، یان (کۆمەڵی و حەشاماتی؟) لەکاتێکدا ئەحمەدی مەلا ڕەخنە لە شیعری حەفتاکان دەگرێت کە ڕوحی میللەت دەدوێن، بە مەرجێک شاعیرانی حەفتاکان، ئەگەر ئەو بانگەشەشیان کردبێت، پەیام و ئامانجێکی دیاریکراویان هەبووە کە خۆی لە ریفۆرمی کۆمەڵگە و خوێندەواری و وەستانەوە لە دژی ئەقڵی دەرەبەگایەتی و ئایدیۆلۆژیدا بینیوەتەوە، بەڵام شاعیرێک ئەگەر بانگەشەی ئەوە بکات (لە نێو قۆدییەکدا) بیشارنەوە! دەتوانێ چی لە ژیانی خۆی و ئێمەش بگۆڕێت؟ لە کاتێکدا نووسەری کتێبەکە، باسی یاخیبوون لە شیعری گەنجانی دوای ڕاپەڕین دەکات! یاخیبوونێک ئەگەر دەرەنجامەکەی داهێنان و گۆڕینی واقیعێکی کۆن بە نوێ نەبێت، جگە لە دروشم کە دەشێ خوێنەران فریو بدات، چی ترە؟ ئاخۆ هیچ شتێکیش هێندەی دروشم و دروشمکاری، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونی هەیە و باوە؟ ئەو لە کاتێکدا باسی واقیع لە شیعری غەمگین بۆلی دەکات، هەرخۆی لە لاپەڕە ٣٠دا دەنووسێت:(خودی واقیع شوێنێکی شیعری نییە).

بێ گومان لە زۆر شوێنی کتێبەکەدا، نووسەر بۆچوونی دژ بەیەک دەردەبڕێت، ڕەنگە بەشێکی ئەو هاودژییە لە گەیاندنی مانادا، پێوەندی بەوەوە هەبێت کە نووسەر ئەم وتارانەی لەکات و ساتی جیاوازدا نووسیوە، چونکە ئەگەر هەڵە نەبم، ناوەرۆکی ئەو کتێبە، پێشتر بە شێوەی وتاری جیاجیا لە گۆڤاری (ئەدەبی سەردەم) بڵاوکراونەتەوە کە من خۆم خوێندوومنەتەوە، بەڵام کاتێ لە دووتوێی کتێبێکدا کۆی وتارەکان بە یەکەوە بڵاودەکرێنەوە، ئەوە خوێنەر باشتر دەتوانێت ناوەرۆکی نووسینەکان بەراورد بکات، چونکە هەمووی لە بەردەست و دیدەن، نووسەر لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەیدا دەنووسێت: (نەوەی شیعری دوای ڕاپەڕین، هەست دەکات سنوورێک لە نێوان ئەوان و ڕابوردوودا هەیە، کەلەپووری باوک فریای ئەوان ناکەوێت و ڕەتی دەکەنەوە)، بە بۆچوونی خۆم، شتێکی نوێمان نەگوتووە ئەگەر بڵێین سنوورێک لە نێوان نەوەی پێش و پاش ڕاپەڕین هەیە، ئەو سنوورە لەیەک کاتدا، سنوورێکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و ژیارییە، ئەو سنوورە، بەرمەبنای ئەو گۆڕانکارییەیە کە ڕاپەڕین لە ژیانی ئێمەی دێنێتە ئاراوە کە وەرچەرخانێکی گەورە بوو، بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە، لەو دیو سنووری دوای ڕاپەڕینەوە، ئەو نەوەیە توانی چی بکات؟ چ داهێنانێک بکات جیاوازتر لەوەی پێشووتر؟ توانی ئەزموونێکی دیکە و گوتارێکی دیکەی شیعری جیاواز دروست بکات؟ یان ئەزموونی بەشێک لەو شاعیرانە کەلەپووری باوکیان ڕەت کردووەتەوە، لەکاتێکدا نووسەری کتێبەکە نموونەی لە شیعری شاعیرێکی گەنجی دوای ڕاپەڕین هێناوەتەوە کە(ڕێبین ئەحمەد خدر)ـە و لە شیعرەکەیدا دەڵێت:

**باپیرم خەونێکی دی..**
**باوکیشم هەمان خەونی دی.**
**منیش هەمان خەونە ئێستا دەیبینم..**

ئەگەر شاعیرێک، هەمان خەونی باوک و باپیرانی ببینێت، ئاخۆ دنیای گەورەکانی ڕەت کردووەتەوە، یان لەبەری گرتووەتەوە؟ بینینی ئەو جیاوازییانەی شاعیرێک لە ڕابوردوودا، تێپەڕاندنی ژیانی باوک و باپیران، بە کەسێک دەکرێت کە دوای سەد ساڵ هەمان خەونی ئەوان ببینێتەوە؟یان دەبێ خەونێکی جیاوازتر ببینێت؟مەگەر نوێ لە کوێدایە؟ دابڕان لە ڕابوردوو چۆنە؟ ئەگەر جیاوازتر لە ڕابوردوو بیرنەکەینەوە و دنیا نەبینین؟ ئاخۆ دنیابینی ئەو شاعیرە، ئەو گوتارەشی کە لەو شیعرەدا بوونی هەیە، هاوتەریبە و لەگەڵ بۆچوونەکانی نووسەری کتێبەکە یەک دەگرێتەوە ؟ لە کاتێکدا ڕێبین ئەحمەد خدر ئەم شیعرە دەنووسێت، ئەحمەدی مەلا، پەسنی دەدات و دەڵێت: (ڕێبین نایەوێ ئاوڕ لە کەلەپوور بداتەوە، بەڵکو ئەو شاعیرە جیهانی گەورەکان ڕەت دەکاتەوە)، بە مەرجێک ئەمە شیعری ئەو شاعیرەیە کە هیوادارم خوێنەران سەرنجی بدەن، ئەوکات دەردەکەوێت کە بە ڕاست ئەو شاعیرە

گەنجەی دوای ڕاپەڕین، جیهانی گەورەکانی ڕەت کردووەتەوە؟! بە داخەوە ئەم بۆچوونانە لە گوتاری نووسەرێک ناچێت کە خۆی شاعیرە و لە بارەی شیعری کوردیشەوە، ئاگایەکی زۆر و وردی هەیە، باسێکی دیکە لە کتێبەکەدا کە بۆ من جێگەی سەرنج و پرسیاربوو ئەوەیە کە نووسەر لە لاپەڕە ٦٧دا دەنووسێت: (لەو شیعرانەی کە لە هەولێر دەنووسرێن شیعری تاریکییەکانن، شیعری سێبەرەکان و شیعری ژێر زەمین و خۆشاردنەوەن)، بەڵام (ئەو شیعرانەی لە سلێمانی دەنووسرێن، شیعری ڕووناکین، شیعری فڕین و حەوشەکانن). وەک خوێنەرێک، نازانم مەبەستی نووسەر لە (تاریکی هەولێر) و (ڕووناکی سلێمانی) چییە؟! جگە لەوەی دەلالەتێکی سیاسی هەیە کە کەسانێک بڕوایان وایە، سلێمانی ئازادترە لە هەولێر و دەبێ لەوێ لە ژێر زەمینەکانەوە بنووسی، ئەم بۆچوونە، بۆچوونی ئەدەبیەکان نییە، بەڵکو بۆچوونی سیاسی و ئایدیۆلۆژیستەکانە، بۆچوونی ئەوانەیە کە زۆرجار هەولێر و سلێمانی بە کۆریای باکوور و باشوور دەناسێنن، شیعری ژێر زەمینی لە هەولێر، دەستەواژەیەکی نوێیە لە پاش ڕاپەڕینەوە بۆ من وەک خوێنەری شیعرەکە گوێم لێ دەبێت، من وەک خوێنەرێک حەزم دەکرد، بە میتودێکی شیکاری و ڕاڤەکاری، نووسەری کتێبەکە ئەوەم بۆ شی بکاتەوە کە چۆن شیعرە تاریکەکانی هەولێر، لە شیعرە ڕووناکەکانی سلێمانی جیابکەینەوە؟ کام ئەدگار و خاسییەت لە یەکتریان هەڵاوێرد دەکات، بۆ ئەوەی باشتر و ڕوونتر ئەو بۆچوونەی بپێکابا، دواتر ئێمە شیعرێکی غەمگین بۆڵی کە شاعیرێکی هەولێرییە، لەگەڵ شیعرێکی شاڵاو حەبیبە، کە شاعیرێکی سلێمانییە، بە یەکەوە دەنووسین، بزانم هیچ جیاوازییەکییان هەیە؟ شاڵاو حەبیبە دەنووسێت:

**پەردەکە جوان دەپشکنم..**
**ژنەکەم نووستووە ناهێڵم هەتاو بانگی کا...**

(غەمگین بۆڵی)ش دەنووسێت:

**بەم نیوە شەوە.. دەنگی گوللەیەک ژوورەکەمی پڕ کرد لەگومان..**

گریمان ئەگەر ناوی هەردوو شاعیرەکە لەسەر شیعرەکانیان بسڕینەوە، کێ دەزانێت کامەیان هەولێری و کامەیان سلێمانییە؟ئایا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێو ئەو دوو دەربڕینە سادە و ساکارەدا هەیە؟ ئەی نووسەری کتێبەکە خۆی جەخت لەوە ناکاتەوە کە خودی واقیع شوێنێکی شیعری نییە، مەگەر سلێمانی و هەولێر، تۆخکردنەوەیەکی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و واقیعی نێوان دوو شار نییە، من دەزانم نووسەر مەبەستی لە تاریکی هەولێر و ڕووناکی سلێمانی میتافۆرە بۆ بابەتێک، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئەو خاسیەتانە لە شیعرەکاندا ونن، بۆ ئەوەی بەرمەبنای ئەو خاسیەتانە، جیاوازی لە نێوان شاعیرێکی هەولێری و سلێمانی بکەین، لە کاتێکدا دەقێک نییە بە ناوی شیعری هەولێر و ڕانیە و سلێمانی، چونکە شیعر(ئەگەر شیعر بێت!) دواجار هەر شیعرە، مەگەر لە کوردستانی باشووردا سەد ئەوەندەی سنە و شنۆ، هێمن و شیعرەکانی ناخوێنرێنەوە و خۆشەویست نین؟ دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە شیعری دوای ڕاپەڕین، شوناسێکی گەورە و ئاڵۆزە و لە ئەزموونی سادەی چەند شاعیرێکدا کورت ناکرێتەوە.

*** پەراوێز:**
**ناوی کتێب (شیعری دوای ڕاپەڕین)، نووسینی (ئەحمەدی مەلا)، زنجیرەی دۆسییەکانی سەردەم، ژمارە ٥١، ساڵی ٢٠١٩.**